سوپای تورکیا بە تۆپخانەکان گوندی تەل تەمر لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد ئامانج



سوپای تورکیا و گروپە چەکدارەکانی لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا بە تۆپخانەکان گوندی تەل تەمریان لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد ئامانج.

میدیا ناوخۆییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە (10ـی کانونی یەکەمی 2023) ڕایانگەیاند کە سوپای تورکیا و گروپە چەکدارەکانی بە تۆپخانەی قورس گوندی تۆیلەیان کردەتە ئامانج لە ڕۆژئاوای تەل تەمر و لە ئەنجامدا زیانی ماددی بە موڵکی هاوڵاتیانی مەدەنی گەیشتووە بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەک دەربارەی زیانەکانی مرۆیی هەبێت.

ئەمەش ڕۆژێک دوای ئەوە دێت کە دوو منداڵ و ئافرەتێک بەهۆی تێپبارانی سوپای تورکیا ئاڵاستەی ماڵە مەدەنییەکان لە گوندی دەشیشا لە باشووری شاری تەل تەمر بریندار بوون.